کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9-12-2007 21:38

بۆ/ سکرتاریەتی بەرێز سکرتێری گشتی ی. ن. ك

نامەیەکی کراوە

**بۆ/ بەرێز هەڤاڵ مام جەلال**

برای گەورەو بەرێزمان جەنابی مام جەلال مەعلومی حاڵی هەمولایەکمانە کە بوونی مەعالیتان لەناو خودی حزبێکی گەورەی وەك یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە زیاتر لەچارەکە سەدەیەکە خەبات دەکات لەپێناو ئامانجە ڕەواکانیداو هەر لەو پێناوەشدا قوربانی زۆریداوە، ئەهمیەتێکی گەورەی هەیەو وەك یاسای بوونی ماسی ئاو وایە کە بەبێ یەکتر هەڵناکەن.

هەربۆیە منیش دەیان کەسی نزیکی جەنابت پێمانوایە نە یەکێتی بەبێ جەنابتان و نەئێوەش بەبێ یەکێتی وەك خۆت هەمیشە دەڵێیت "لەپارێزەرێك زیاتر نین".

ئەوەی مەبەستمە لێرەدا باسی لێوە بکەم جێگەی داخ و نیگەرانییە کە لەپەنای ناوی گەورەو ناوداری جەنابتان کۆمەڵێك دزو جەردەو داوێن پیس کۆبونەتەوەو گەرەکیانە لەوەعدەی شەو ڕۆژێکدا ئەگەر بۆیان بکرێت ئەوەی ملازم خەیری و عەللاو پیاوە خائینەکانی تری بەعس لەم کوردستانەدا بۆیان تەواو نەکرا، ئەمان ئەنجامیبدەن ئەوەی ڕۆژێك لەناو (ی. ن. ك) خەباتی کردبێت شایەتی داوێن پاکی و ڕەوشتی بەرزی ئێوەیە، بەڵام مایەی شەرمەزارییە کەسانێك لەژێر باڵ و بەناوی باڵی (جەنابی مام جەلال) ەوە، تەعەدای شەرەف و ئابڕوبردن لەناموسی خەڵکی بکەن، لەم ڕۆژانەدا هەواڵی هەوڵی دەستدرێژی (مەلا ئەحمەدی دسکەرە) مان وەك بانگی مزگەوتەکانی شار بەنیو گوێدا بڵاوبوەوە ئەوە (مەلا) یەی لەنێو کۆڕو کۆبنەوەو مەحفەلەکانی سیاسەتدا دەڵێت: (من کوڕی مامەم) بەڵام سەد حەیف کە ئەو هەرگیز کەسایەتی و سومعەی ئابڕوی ناگاتە هیچ کام لەکوڕە دڵسۆزو بەرێزەکانی مەعالیتان کە هەردوو ڕێزدار کاك (قوبادو کاکە پاڤێڵن) .

بەرێز جەنابی مام جەلال:

کاتی ئەوە هاتووە زۆر بەجیدی ئاوڕێك لەم ڕەوشە ناهەموارەی ناو (ی. ن. ك) بدەیتەوە بەهاش و هوشی کەسانێك بڕوانەکەیت کە بەمەرامی پیس و گڵاویان و بەناوی دڵسۆزی بۆ ئێوەو خانەوادەکەتان بەناوی کوتلەو باڵی (جەلالی) ەوەسومعەو ئابڕوی رابردووی ئێوەو مێژوی یەکێتی و خوێنی شەهیدەکان بەرەو هەڵدێر بەرن.

جەنابتان زۆرلەوە گەورەترن کە خاوەن بەشێکی (ی. ن. ك) بەنا و کوتلەیەك بن، چونکە ئەوانەشی ئەمڕۆ بەناوی هەر باڵ و کوتلەیەکەوە ئیدعای ئەوەیان بۆ بکرێت کە باڵی تۆ نین بەپێچەوانەوە ئەو کاتەی کە دورن لێت لەترپەکانی دڵت لێت نزیکترن، چونکە تۆ باوکی یەکێتیت و ئەوانیش سونبولی بڕبڕەی پشتن.

ئەمەوێ لەنزیکەوە چەند راستیەکی حاشا هەڵنەگر بخەمە بەردەستی بەڕێزتان کە ئامادەم هەرکات ئەمرت کرد بەدیکۆمێنت هەواڵەی بەڕێزتانی بکەم:

مەلا ئەحمەدی دسکەرە هەمومان هەڵوێستە ناجوامێریەکانی دەزانین لەرابردودا کەچ پیاوێکی ترسنۆك و بێ هەڵوێستەو پاش ئەوەش کرا بەفەرماندەی پاسەوانی سنوری سلێمانی:

1-خانویەکی لەگەڕەکی ئاشتی هەبوو تێکیداو لەباشترین جوانترین و گرنبەهاترین جۆر دروستیکردەوە.

2-هەر لەگەڕەکی ئاشتی خانویەکی تری لەپێشمەرگەیەکی دڵسۆزو دێرین (کاك رەئیس) کڕیەوە بە ($240.000) .

3-لە گەرەکی راپەڕین باخێکی گەورەو ڤێلایەکی دروستکردوە بۆ مەستی کاربەسەربردنی شەوەکانی خۆی و برادەرەکانی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

4-دروستکردنی بینای پاسەوانی سنور کە زیاتر لە 10 دەفتەر دۆلاری تیا خوارد.
5-ئەمانەو چەندین کاری نابەجێی کە ناکرێت لەم نامەیەدا بەڕوی بەڕێزتان بدەین.

لەکۆتاییدا هیوام وایە مەعالیتان ئاوڕێکی جدی لەم دیاردەیە بدەنەوە بەهەوڵی دڵسۆزانەو حەکیمانەی خۆتان کاتی ئەوە هاتووە یەکێتی لەدزو مافیاو خەڵکی داوێن پیس پاك بکەنەوە، چونکە دڵنیات دەکەم زۆرێك لەوانەی کە ئەمڕۆ لەسایەی کوتلەو باڵ باڵێندا بونەتە خاوەنی کۆشك و تەلارو ئیمتیازات کە وەك خەلیفەکانی عوسمانی ئەو کات شەوانە کەنیزەك رادەگرن و بەپارەی دزی و سامانە کەڵەکە کراوەکانیان هەوڵی بۆ ئەخلاقیکردنی کچان و ژنانی کورد دەدەن، چونکە ئەوانە زۆریان پێیانوایە ئەوەی کە تادوێنێ ئابڕوی لەدەست بەعس پارێزراو بوە ئەمڕۆ ئەمان سوێندیان خواردو ئابڕوی بتکێنن.
هەموان چاوەڕێی هیمەت و چارەسەری حەکیمانەی ئێوەین.

دڵسۆزێکی
هەڤاڵی تێکۆشەر مام جەلال